

لوتبەرزی
و بەرەو هەڵدێر چوون
ڕۆزا حەمە ساڵح
ڕوداوەکانی ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەن،
ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە سەر
ئەجامی مرۆڤی لوتبەرز
بەرەو هەڵدێر چوونە.

# لوتبەرزی
## و بەرەو هەڵدێر چوون

ڕۆزا حەمە ساڵح

<u>پێناسەی کتێب</u>

ناوی کتێب: لوتبەرزی و بەرەو هەڵدێر چوون

بابەت: چیرۆک

نووسەر: ڕۆزا حەمە ساڵح

چاپ: دیجیتاڵ

ساڵی چاپ: 2022

ژمارەی چاپ: یەکەم

شەوێك لە ڕێگەی ماسنجەرەوە نامەیەکم بە ناوێکی خوازراوەوە بۆ هات، تێیدا نوسرابوو:

- سڵاو هاورێ

من ئاشنام ئەو کچەی کە لەسەردەمی زانکۆدا پێکەوە بووین، هەر کات هانام بۆ دەهێنایت ئەوا بە سینگێکی فراوانەوە گوێت بۆ دەگرتم و ئامۆژگاریت دەکردم، لەهەمان کاتدا ئامۆژگارییەکانم بەهەند وەرنەدەگرت، کەچی لێشم زویر نەدەبوویت.

ناسینی من و ئاشنا

ئاشنا هزر و هۆشمی گەڕاندەوە بۆ 20 ساڵ پێش ئێستا، ئەوکات من لەقۆناغی سێی زانکۆ بووم، سەرەتای دەسپێکردنەوەی قۆناغێکی نوێی خوێندن بوو، ڕۆژێك بەڕێکەوت لەناو حەرەمی زانکۆدا و لەگەڵ چەند هاورێیەکدا دانیشتبووین، لەپڕ بوو بەقیڕە و قاق (هاوشێوەی باڵندەی قاز)، کوڕەکانی زانکۆ لەبەردەم دەرگای هاتنە ژورەوەدا وەستا بوون، هەر خوێندکارێکی نوێی قۆناغی یەکەم بهاتایەتە ژورەوە (بەهۆی ئەوەی فایلێکیان بە دەستەوە بوو)، ئەوا ڕاستەوخۆ دەناسران و دەکەوتنە بەر لێشاوی هات و هاواری کوڕان.

خۆ ئەگەر خوێندکارە نوێیەکان کوڕ بوونایە، ئەوا بۆیان دەسندنەوە، بەڵام ئەگەر بهاتبایە و کچ بونایە، ئەوا سەریان دادەنواند و بە شەرمێکەوە تێدەپەڕین و چەند جارێك سەرسمیان دەدا و جاری وا هەبوو دەکەوتن (چەند دیاردەیەکی ناشرین بوو).

لەپڕ کچێکی باڵا بەرزی ئەسمەری چاو ڕەش (زۆر جوان نەبوو، بەڵام خوێن گەرم و سەرنجڕاکێش بوو) بە خۆی و فایلەکەی دەستییەوە کەوت بەسەر زەویدا، وا دیار بوو ئازاری پێگەیشتبوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەک خۆی تێك نەدا و هەڵسایەوە، ویستی بەردەوام بێت لەڕۆیشتن، بەڵام ئازاری قاچی ڕێگەی پێنەدا و چاوی پڕ بوو لە فرمێسک، لەگەڵ هاوڕێیەکمدا هەر چۆنێک بێت دەستمان گرت و هەڵمان ساندەوە، بردمان بۆ تەبابەکە (شوێنی چارەسەرکردنی سەرەتایی و مۆڵەت پێدان بوو لەناو زانکۆدا).

دکتۆر گوتی: لەوە دەچێت قاچی لەجێ چوو بێت، هەر چۆنێک بێت لەگەڵیدا ڕۆشتینە دەرەوەی زانکۆ و تاکسییەکمان بۆ گرت، تاوەکو بڕواتەوە بۆ ماڵەوە.

لەدوای یەك هەفتە و لەکاتی ڕۆیشتنم بۆ ناو هۆڵی خوێندن، بەڕێکەوت چاوم کەوتە سەر ئاشنا و سڵاوم لێکرد، ئەویش بەگەرمی وەڵامی سڵاوەکەمی دایەوە و سوپاسی ئەو ڕۆژەی کردم کە یارمەتیمان دابوو.

ئاشنا گوتی:

- لەکۆلێژی زمان بەشی کوردی وەرگیراوم.

- کەواتە لە ئەمڕۆ بەدواوە زوو زوو یەکتر دەبینین، منیش هەر لەهەمان کۆلێژم بەڵام بەشی عەرەبی و هەموو بەشەکانی کۆلێژی زمان هەر لەم نهۆمەن.

لەدوای ئەوەی چەند جارێکی دی یەکترمان بینی، پێکەوە دەوەستاین و قسەمان دەکرد، زۆر جار ئەو پرسیاری دەکرد و منیش وەڵامم دەدایەوە، باسی ژیانی سەختی خۆم و هاورێکانم لەبەشە ناوخۆیی بۆ دەکرد، ئەویش بە شێنەیی باسی ژیانی خۆی بۆ دەکردم.

ئاشنا کچێکی دڵپاك بوو، بەڵام ئەو هەستەم لا دروست ببوو کە دوو کارەکتەری هەیە، زۆر جار ئەگەر بهاتبایە و لەگەڵ هاوپۆلەکانی بوایە، ئەوا وا خۆی دەردەخست کە کچێکی دەوڵەمەندە و دوو خاڵی هەیە لەهەندەران دەژین و هاوکاری ماددی دەکەن، وە هەر جارێکیش کە بەتەنها لەگەڵم دەوەستا ئەوا جیاوازتر دەدوا، وتە و گوفتاری وەك کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی دەردەکەوت.

ڕۆژێك پێکەوە وەستابووین کەوتینە گفتوگۆ، باسی زۆر شتمان کرد، پێمگوت:

- تۆ کەسێکی خۆشبەختی چونکە دوو خاڵی باشت هەیە کە هاوکارتن بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکەیت.

لەپڕ دەستی کرد بە گریان، بەحەسرەتێکی قوڵەوە گوتی:

- خاڵی چی و حاڵی چی بۆ هەر خاڵ و پورەکانم قسەمان لەگەڵ دەکەن.

- باشە کە بەو شێوەیە نیین، ئەی چۆن ئاوا بە باشە باسیان دەکەیت؟

ئەی ئەم جلوبەرگە جوانانەت لەکوێ بوو؟

- وەرە با پێکەوە بڕۆین بۆ کتێبخانەی زانکۆ، لەوێ دادەنیشین، زۆر شت لە ناخمدایە دەمەوێت باسی لێوە بکەم، ناتوانم متمانە بەهەموو کەسێک بکەم کە دەردە دڵی خۆمی لا باس بکەم، نازانم

هەستێک پێم دەڵێت تۆ ئەو کەسەی کە دەتوانم ئەو متمانەیەت پێببەخشم.

دوو بە دوو دانیشتین، پێش ئەوەی دەست بکات بە باسی ژیانی خۆی، من باسی ژیانی خۆمم بۆ کرد کە چۆن باوکم بەهەموو شێوەیەك کار دەکات و ماندوو دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت خوێندن بە من و خوشك و براکانم تەواو بکات، باسی خێزانەکەمم بۆ کرد، باسی ئەوەشم بۆ کرد کە من نەك کچێکی دەوڵەمەند نییم، بەڵکو لە خێزانێکی نیمچە هەژاریشم.

بەم قسانەی کە کردم، ئارامیم پێبەخشی، ئیدی وردە وردە ئەویش کەوتە باس کردنی ژیانی خۆی، گوتی:

دوو ساڵ پێش ئێستا باوکم لەشەڕی براکوژیدا بێسەر و شوێن بوو، ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێت دایکم و من و خوشکەکەم هەر چاوەڕوانین کە بگەڕێتەوە بۆ لامان، لە خانووی کرێدا دەژیان، دایکم بەهۆی ئەوەی کە تەنها خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد بوو، بۆیە هەتا باوکم لەگەڵماندا بوو، هەر ژنی ماڵ بوو، هیچ کارێکی نەدەکرد.

لەدوای بێ سەروشوێن بوونی باوکم ژیانمان زۆر قورس بوو، بۆ ماوەیەك ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵی داپیرم (دایکی دایکم)، لەوێش هەموو ڕۆژێك پورەکەم و هەردوو خاڵەکەم کە لەسەر ماڵ بوون و لەگەڵ داپیرمدا دەژیان (پورم و خاڵم بەچەند ساڵێك لەمن گەورەتر بوون)، هەموو ڕۆژێک دەیانکرد بەشەڕ و ئاژاوەنانەوە لەگەڵماندا، لەماڵ دەریان دەکردین و پێیان دەگوتین کە بڕۆین بۆ ماڵی باپیرمان (باوکی باوکم)، کەسوکاری باوکیشم حەزیان بە چارەی دایکم نەبوو، بەهۆی ئەوەی دایکم کوڕی نەبوو، هەمیشە بە چاوی وەجاخ کوێر لێیان دەڕوانی، هەتا باوکم لە گەڵماندا بوو بە بەردەوامی هانیان دەدا بۆ

ئەوەی ژنی دووەم بهێنێت، تاوەکو کوڕی ببێت، بەڵام باوکم دایکمی زۆر خۆشدەویست و هەمیشە پاڵپشتی دایکمی دەکرد.

دواجار دایکم بڕیاری دا کە کارێک بدۆزێتەوە و هەرچۆنێك بێت بژێوی من و خوشکەکەم دابین بکات، ناسیاوێکمان هەبوو یاریدەدەری پزیشکی بوو، هاوکاری دایکمی کرد و بە کارگوزار دایمەزراند لەو نەخوشخانەی کە خۆی کاری تێیدا دەکرد.

بەتێپەڕبوونی کات وردە وردە گۆڕانکاری بەسەر ژیانماندا هات، دایکم توانی خانوو بە کرێ بگرێ و بڕۆینە ماڵی خۆمان.

دایکم ژنێکی سەنگین و سالارە، میهرەبان و ڕۆح سوک و قسە خۆش، هەر بۆیە زوو دەچێتە دڵەوە، بەئاسانی دەتوانێت لەهەر شوێنێکدا بێت خۆی بگونجێت، جگە لەوەی کە لەنەخۆشخانە کاری دەکرد، لەماڵیشەوە نانی بۆ خەڵکی دروست دەکرد.

لەسەرەتاوە کڕیاری کەم بوو، بەڵام لە ئێستادا و ڕۆژانە هەتا شەوگارێکی درەنگ هەر خەریکی نان کردنە، منیش هەندێ جار یارمەتی دەدەم.

دایکم هەر پارەیەکی دەست دەکەوێت، ئەوا بۆ من و خوشکەکەمی خەرج دەکات، هەموو خەمێکی ئەوەیە کە ئێمە خوێندن تەواو بکەین بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باشمان هەبێت.

سەبارەت بە جل و بەرگەکەشم هەمووی لە کۆنە فرۆش دەیکڕم، یەك دوو فرۆشیار هەن هەموو جارێك کە باڵەی نوێیان بۆ دێت، ئەوا شتە جوان و نوێکانم بۆ هەڵدەگرن و ئیدی بە دوو قسەی خۆش و دوو گاڵتە و گەپ لە گەڵیاندا بە نرخێکی هەرزان و گونجاو پێم دەفرۆشن.

دواتر ئاشنا تکای لێکردم ئەم قسە و باسانەی کە بۆی باس کردووم نهێنی بێت و هیچ کەس لە هاوڕێکانی نەزانن، بەڵێنم پێدا کە بێخەم بێت و دڵنیام کردەوە لەوەی کە هیچ کەس نازانێت و بەنهێنی لەلای خۆم دەمێنێتەوە.

ڕۆژگار تێپەڕی، ئاشنام دەبینی کە تێکەڵاوی و پەیوەندی زۆری لەگەڵ خوێندکارانی بەشەکانی دیکەی زانکۆ دروست کرد بوو، بە تایبەتی لەگەڵ کەسانێکی خراپ کە زۆر دیار بوون و بەباشی باس نەدەکران.

چەند جارێك ئامۆژگاریم دەکرد بەوەی کە دەبێت زۆر بە ئاگابێت لەو پەیوەندیانە، هەروەها ئاگای لەدڵی دایکیشی بێت کە بەو شێوەیە ماندوو دەبێت و هەوڵی لەگەڵ دەدات، وە ئامانجی تەواوکردنی خوێندنەکەی بێت، بەڵام بێهودە بوو.

بە تێپەڕبوونی کات ئاشنا دورکەوتەوە لێم لەسەرەتاوە جار بە جار سڵاوێکی دەکرد، دواتر سڵاوەکەش نەما، هەر جارێك کە دەیبینیم ڕوی دەکرد بەولاوە وەك ئەوەی نەیبینیبێتم و نە ناسیبێتم.

لەدوای چەند مانگێك ئاشناش ناوی چووە ڕیزی ئەو خوێندکارانەی کە بەباشی باسیان نەدەکردن، زۆر جار ئەمبینی نە دەچووە ناو وانەکانییەوە، زۆرم پێناخۆش بوو، بەڵام بۆشم نەبوو دەست وەردەمە ناو ژیانی تایبەتییەوە، هەڵسوکەوتە ناسروشتی و نامۆکانی زۆر ئازاری دەدام.

کات تێپەڕی خوێندنی ئەو ساڵەمان بەڕێکرد، لەدوای پشووی هاوین گەڕاینەوە بۆ دەسپێکردنی قۆناغێکی نوێی خوێندن، لەڕێگەی هاوپۆلەکانی ئاشنا کە لەبەشە ناوخۆیی پێکەوە بووین، گوێبیستی ئەوە بووم کە ئاشنا هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی ناسیاوی خۆیان کردووە کە لە ئەوڕوپا گەڕاوەتەوە.

کاتێك ڕۆیشتم بۆ زانکۆ ئاشنام بە جۆرێکی دیکە بینی، پەیوەندییەکانی زیاتر لەگەڵ کەسە دەوڵەمەندەکاندا بوو، هەروەها ستایلی جل و بەرگی زۆر گرانبەها دیار بوو، هەر پێی نەنگی بوو لەگەڵ کەسانی وەك ئێمە نزیک ببێتەوە، دەیانگوت دەزگیرانەکەی مانگانە بڕە پارەیەکی باشی بۆ دەنێرێتەوە، خانمیش بۆ خۆی کەش و فشی پێوە دەکرد، لەناخی خۆمدا دەمگوت تۆ بڵێیت ژیانی ماڵەوەیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، یان بەلایەنی کەمەوە دایکی ئاڵوگۆڕێکی چۆنایەتی بەسەر ژیانە پڕ لە ڕەزالەتێکەیدا هاتبێت.

لەدوای چەند مانگێک، گوێبیستی ئەوە بووم کە دەزگیرانەکەی کاروباری فەرمی بۆ کردووە و دەیەوێت بیبات بۆ ئەوڕوپا، کات تێپەڕی و بەرەو کۆتایی ساڵی خوێندن ڕۆیشتین.

ئاشنا لە پڕ دیار نەما، منیش قۆناغی زانکۆم تەواو کرد و گەڕامەوە بۆ شارەکەی خۆم، ژیانی چوار ساڵەی زانکۆم بەجێهێشت و لە هاوڕێکانم و هەموو یادگارییە خۆش و ناخۆشەکان دورکەوتمەوە، سەر لەنوێ وەك منداڵێکی نامۆ بە زۆر شت تێکەڵ بە ژیانێکی تر بوومەوە، جیاوازتر لە قۆناغی زانکۆ، وەك مامۆستا دامەزرام و ئاشنایەتیم لەگەڵ کەسانێکدا پەیدا کرد، لەڕەنگ و ڕوخسارێکی دیکەدا لەگەڵ ژیان تێهەڵچوومەوە.

لەدوای 20 ساڵ ئاشنا لە ڕێگەی فەیسبوکەوە منی دۆزییەوە، ئەو نامەیەی سەرەوەی بۆ ناردم...

وەڵامی نامەکەیم دایەوە، لەدوای چەند ڕۆژێك ئاشنا زەنگی بۆ کردم و کەوتینە گفتوگۆ و باسکردن لە ژیانی ڕابردوو و ئێستای هەردوو لامان.

ئاشنا زۆر تامەزرۆ و بەپەرۆش بوو بۆ باسکردنی ژیانە پڕ لەئازار و نەهامەتیەکانی، وەک قۆناغی زانکۆ و سەرەتای یەکتر ناسینمان هاتەوە بەرچاوم، ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە ناو باسەکان و دەستی کرد بە گێڕانەوە و باسکردنی ڕوداوەکانی ژیانی لەو ساتەوەختەی کە کوردستانی بە جێهێشتبوو، گوتی:

هەنوکە ئەو ئاشنایەی ڕابردوو نیم کە پێم نەنگی بوو بڵێم کچی دایکێکی هەژارم، لەدوای ئەوەی باجی لەخۆبایی بوونەمدا، بۆیە زۆر پێم ئاساییە هەمووکەس چیرۆکی ژیانم بزانێت، تاوەکو ببێتە وانە و ئەزمونێك بۆ هەزارەها کچ و ژنی دیکە کە بەو شێوازەی من ڕەفتار دەکەن.

ئاشنا کەوتە گفتوگۆ، بەیادگارییە تاڵەکانی ژیانیدا گەڕایەوە، گوتی:

لەدوای ئەوەی ڕێبواری دەستگیرانم کاروباری فەرمی بۆ جێبەجێکردم، تاوەکو بگەم بە وڵاتی دانیمارک، هیچ خوشحاڵ نەبووم بەو بڕیارەی ڕێبوار، چونکە لە ڕاستیدا من ڕێبوارم خۆش نەدەویست و تەنانەت لەناو زانکۆدا خۆشەویستم هەبوو، هاوسەرگیریەکەشم تەنها لەبەر پارە و ئەوروپا بوو، دەمویست لەناو هاوپۆلەکانمدا جیاوازتر دەربکەوم و پۆز بەسەریاندا لێبدەم و هەموو کەموکورتیەکانی باری ناهەمواری خێزانەکەمی پێ پڕبکەمەوە.

هەرچەندە دایکم پێیخۆشبوو سەرەتا خوێندنی زانکۆ تەواو بکەم و دواتر بڕۆم بۆ ئەوروپا، بەڵام لەسەرەتاوە ڕێبوار ئەوەی خستە بەر چاومان کە ناوەستێت تاوەکو خوێندن تەواو بکەم.

هەموو شتێکم بە جێهێشت دایکم و خوشکەکەم و زانکۆ، تەنانەت خۆشەویستەکەشم هەر چەندە لەدوای هاوسەرگیریەکەمەوە بە تەواوی لێم دورکەوتەوە و زویر بوو.

لەگەڵ دایکم کاروباری فەرمی ناو کوردستانم تەواوکرد، بە ڕێکەوتم بۆ وڵاتی سوریا، بەڵام لە سوریا ئیش و کارە فەرمیەکان لەمانگێك تا سێ مانگی پێدەچوو، چوار هەفتەی یەکەم هەرچۆنێك بێت ڕێبوار لە گەڵم مایەوە، بەڵام کە ناوم نەهاتەوە، ڕێبوار ناچار بوو کە بگەڕێتەوە بۆ دانیمارک، چونکە دەبوایە دەستی بەکارکردن بکردایەتەوە.

ئەو ماوەیەی کە لە سوریا بووین، خێزانێکمان ناسی لەهەمان ئەو باڵەخانە بوون کە ئەپارتمانێکمان تێیدا بە کرێ گرتبوو، خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی بوون، دایکێك و دوو کوڕ بوون، یەکێك لە کوڕەکانی ساڵێك لەمن گەورەتر بوو، ئەوی تریان تەمەنی منداڵتر بوو.

ئەوانیش باوکیان هەر لە دانیمارک دەژیا و چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ناویان بە فەرمی بێتەوە، دایکەکە ژنێکی زۆر باش بوو، زۆر بە سۆز و میهرەبان بوو، هەمیشە دڵنەوایی دەکردم.

ڕێبوار کە گەڕایەوە بۆ دانیمارک داوای لەو ژنە کرد کە ئاگای لێم بێت، لە وەڵامدا بە ڕێبواری گوتبوو کە هیچ خەمی نەبێت و ئاگای لێم دەبێت وەك کچی خۆی لێمدەڕوانێت.

ڕێبوار ڕۆیشتەوە بۆ دانیمارک، منیش بە تەنها مامەوە، زۆر جار هەتا درەنگانێکی شەو دەڕۆیشتمە لای ئەو خێزانە و جاری واش هەبوو لەلای ئەوان دەخەوتم (ڕێبوار بەمەی دەزانی).

لەدوای ماوەیەک هەستم بەوە دەکرد کە سۆزێک بەلای کورە گەورەکەیاندا ڕامدەکێشێت (کوڕەکە ناوی سۆران بوو).

ئەو هەستەم لا دروست بوو کە ئەویش بەهەمان شێوە هەستی بۆ من هەیە، پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانماندا دروست بوو، هەر چەندە ویژدانم ئازاری دەدام بەڵام چاری خۆمم نەدەکرد و نەمدەتوانی زاڵبم بەسەر ئەو دۆخەدا، زۆر جار لەناخمدا دەمگوت کە نابێت خیانەت لە ڕێبوار بکەم، چونکە ئەو زۆر خۆشیدەویستم و متمانەی زۆری پێم هەیە، بەڵام نەمدەتوانی ئەو هەستە کپ کەمەوە کە بەرامبەر سۆران هەمبوو، سۆران ئەو کورە جوان و قۆزەش نەبوو بگرە ڕەنگ و ڕوخسار و کەسایەتی ڕێبوار زۆر لەو باشتر بوو.

نازانم بۆ ئاوام بە خۆم کرد؟

ئایا هۆکارەکەی تەنیایی بوو؟

یان دەبەنگی و گێلی و بێویژدانیم بوو، وە یان کەمی ئەزموونی ژیانم بوو، یاخود باجی بارودۆخی ناهەمواری خێزانەکەم بوو.

بەڵام بەدیوێکی تریشدا خەتای سۆرانی زۆر تێدا بوو، قسەی خۆشی بۆ دەکردم و سۆزی پێدەبەخشیم و گۆرانی ڕۆمانسی بە کاسێت بۆ لێ دەدام، هەمیشە دەیگوت کە ناتوانێت یەك خولەك لە دوریم بژی، بەڵێنی پێدام کە هەر کات گەیشتینە ئەوروپا و دوای ئەوەی کە لە ڕێبوار جیاببمەوە هاوسەرگیری بکەین و خۆشترین ژیان پێکەوە بگوزەرێنین، هەموو خەم و حەسرەتەکانی ڕابردووم بیربباتەوە، وەك ئەهریمەنێک بەسەر شانمەوە بوو، وازی لێنەدەهێنام.

پەیوەندی نیوانمان قوڵتر بوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لەیەکتری نزیک دەبوینەوە، دایکی بەم پەیوەندییەی نەدەزانی و ئێمەش وا خۆمان پێشان نەدەدا، چەند جارێك لەوڵاتی سوریا بەگرێبەستی هاوسەرگیری خۆم و ڕێبوار لەگەڵ سۆران ڕۆیشتینە هوتێلەوە.

ئای چەند ساویلکە و نەزانبووم، وامدەزانی وەک من چۆن خۆشمدەویست، ئەویش هەمان هەست و خۆشەویستی بۆم هەیە، نەمدەزانی کە مەبەستی ڕابواردن و کات بەسەربردنە و تەنها دەستی خۆیم پێگەرم دەکاتەوە.

لەدوای دوو مانگ ناوەکەم هاتەوە، ئەوە بوو گەشتم کرد و گەیشتەمە وڵاتی دانیمارک، کاتێك لەفرۆکەخانە دابەزیم، ڕێبوار بە چەپکە گوڵەوە ئامێزی بۆ کردمەوە و لەباوەشی گرتم، لە خۆشیدا چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، منیش بێ دەنگ و مات ڕامابووم تەنانەت نەمدەتوانی یەك وشەش بڵێم.

بەرێکەوتین بۆ ماڵە خنجیلانەکەمان، کاتێك کە دەرگاکەی کردەوە بینیم هەموو ماڵی بە گوڵی سور ڕازاندۆتەوە.

دڵم بەهیچ شتێک خۆش نەبوو، هەر بیرم لای سۆران بوو، لەدڵی خۆمدا دەمگوت "بڵێیت من و سۆران بەیەك بگەین و خەونە ئاڵاو واڵاکانمان ببێتە واقیع".

هەر کە ڕۆیشتینە ژورەوە، گوتم ماندووم، ڕێبوار پیگوتم کە پشوو بدەم و ئەویش دەڕوات بازاڕییەک دەکات، داوام لێیکرد کە کارتی تەلەفۆنکردن بکڕێت بۆ ئەوەی پەیوەندی بە دایکمەوە بکەم.

کە گەڕایەوە لەبڕی کارتێک پێنج کارتی تەلەفۆنی هێنا بوو.

لەو سەردەمەدا نوسینگە هەبوو لە سلێمانی، دەبوو سەرەتا تەلەفۆنمان بۆ نوسینگە بکردایە و کاتێکمان دەستنیشان بکردایە بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسوکاردا قسە بکەین.

ئەوە بوو لەگەڵ دایکم قسەم کرد، هەر دەگریام و دەمگوت دایکە بیرت دەکەم و زۆر پێویستیم پێتە، دایکم پێیگوتم:

ڕۆڵە شوکری خودا بکە، تازە ئەو ژیانە خۆت هەڵتبژاردووە، ڕێبوار کوڕی چاکە و دڵنیام کە جێگای هەموو کەسێکت بۆ دەگرێتەوە.

ئای دایکە بریا لەوێدا هەموو شتێکم لەبیر بکردایە و سەر لەنوێ ژیانێکی پاکم لەگەڵ ڕێبواردا دەست پێبکردایەتەوە.

ڕێبوار هەموو ڕۆژێك لە کاتژمێر 7ی بەیانی هەتا وەکو کاتژمێر 4ی ئێوارە لەسەر کار بوو، بەهۆی ئەوەی پێشوتر یەك مانگ پشووی وەرگرتبوو کاتێك کە لە سوریا لەگەڵمدا بوو، بۆیە نەیدەتوانی دیسانەوە پشوو وەربگرێتەوە.

بەیانیان کە ئەو دەرۆیشت بۆ سەرکار، منیش بە تەلەفۆن قسەم لە گەڵ سۆران دەکرد (سۆران و خێزانەکەی هێشتا هەر لە سوریا بوون)، ئەوە بوو کۆتاجار کە قسەمان کرد سۆران گوتی کە ناویان هاتۆتەوە و دێن بۆ دانیمارک، زۆر دڵخۆشبووم، لەو ڕۆژەوە کە هاتبووم تاقەتی هیچ شتێکم نەمابوو و هەمیشە دڵتەنگبووم.

لە دوای تەلەفۆنەکەی سۆران هەستام و دەستم کرد بە ماڵ پاککردنەوە، هەتا ڕێبوار لەسەر کار گەڕایەوە خواردنم ئامادە کرد، کە ڕێبوار گەڕایەوە زۆر دڵخۆشبوو بەو شێوەیە منی بینی، پێیگوتم: تەواو بێتاقەتیەکەت نەما؟

گوتم: تەواو ئەمڕۆ زۆر باشم.

دواتر بە ڕێبوارم گوت کە پێویستیم بە کارتی تەلەفۆنە.

بە سەرسوڕمانێکەوە گوتی:

- ئەی ئەو کارتانە چی لێهات کە کڕیبووم؟

- تەواو بوون، هەموویانم بە قسەکردن لەگەڵ دایکمدا بەکارهێناوە (لە ڕاستیشدا هەر یەکەم ڕۆژ کە هاتم قسەم لە گەڵ دایکم کردبوو)، بۆیە گومانی لا دروست بوو.

- ئاشنا ژیان لێرە زۆر قورسە و تەلەفۆن کردن تێچووی زۆرە، دەبێت بەلایەنی کەمەوە هەفتەی یەك جار قسە لەگەڵ کوردستان بکەیت، پێویست ناکات هەموو ڕۆژێك تەلەفۆن بکەیت، ئەگەر وابڕوات دەبێت هەر کار بۆ تەلەفۆنکردنی تۆ بکەم، ئەی چۆن بژین؟

خۆشت باش دەزانی هەتا گەیشتویتەتە ئێرە هیچ کەمتەرخەمییەکم لە بەرامبەرت نەبووە، هەر پارەیەکت داواکردبێت، ئەوا یەکسەر بۆم ناردوویت، دەمگوت ئەگەر بڵێم پارەم نیە و قەرزم کردووە، ئەوا باوەڕ ناکات و لەوانەیە پێشم بڵێت ڕەزیلە، بەڵام ئێستا خۆت هاتویتتە ناو واقیعەکەوە و دەبێت لە ڕاستییەکان تێبگەیت و خەمی داهاتووشمان هەبێت.

ئەو زۆر بە جوانی و لەسەرخۆ قسەی بۆ دەکردم و تێیگەیاندم، بەڵام من هەر نەمدەویست تێبگەم و بۆ بیانوو دەگەڕام، دەستم کرد بە گریان و ئەو ئێوارە نانم نەخوارد، تەنانەت بەکەسێکی ڕەزیل تۆمەتباریشم کرد، لەگەڵ ئەوەشدا دوای کاتژمێرێك ڕۆیشت دوو کارتی تەلەفۆنی تری بۆ هێنانم و سەری ماچ کردم و داوای لێبوردنی لێکردم.

ئاه.. چەندە مرۆڤێکی بێویژدان بووم..

لەدوای سێ ڕۆژ سۆران تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

- ئێستا ئێمەش لە دانیمارکین.

- سۆران تۆ بەهیچ شێوەیەک تەلەفۆن مەکە، با کێشە دروست نەبێت، ڕۆژانی شەممە و یەک شەممە ڕێبوار لە ماڵە، کەی گونجا ئەوا خۆم زەنگت بۆ دەکەم.

ئەوە بوو لەو هەفتەیەدا ڕۆژی دووشەممە بۆنەیەك هەبوو، پشوو بوو. من نەمزانیبوو تاوەکو پێشوتر بە سۆران بڵێم، ماوەی چەند ڕۆژێك بوو قسەم لەگەڵ سۆران نەکرد بوو، ئیدی ئەویش خۆی پێڕانەگیرا بوو ئەو ڕۆژە زەنگی کرد، ڕێبوار تەلەفۆنەکەی هەڵگرد، کە سۆران گوی لە دەنگی ڕێبوار بوو یەکسەر دایخستەوە.

لەدوای نیوەڕۆ جارێکی تر زەنگی کردەوە و ڕێبوار بە هەمان ژمارە تەلەفۆنی کردەوە، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەمە وای کرد کە گومانی زیاتر لای ڕێبوار دروستببێت.

چەند ڕۆژێك تێپەری و قسەمان پێکەوە کرد، ناونیشانی ماڵی خۆمانم پێدا، چەند جارێك کە ڕێبوار لەسەر کار بوو، بەیانیان دەهات و هەتاوەکو پێش گەڕانەوەی ڕێبوار لە کارەکەی دەمایەوە، جار بە جار پێکەوە دەڕۆیشتینە دەرەوە و پیاسەمان دەکرد، چەند جارێک ئەوەم خستە بەر چاوی کە دەمەوێت داوای جیابوونەوە لە ڕێبوار بکەم، کەچی هەر دەیگوت پەلەت نەبێت و با کارەکان بە شێنەیی بێت و سەرەتا با بخوێنم و فێری زمان ببم و کارێك بکەم، ڕاستی منیش لە مەرامی بۆگەنی تێنەدەگەیشتم لەوەی کە تەنها بۆ ڕابواردن و کات بەسەربردن منی دەوێت و هیچی تر.

ڕۆژێك ڕێبوار زۆتر لەسەر کار گەڕایەوە، سۆرانیش لەوێ بوو.

ڕێبوار بە بینینی سۆران ڕەنگی تێکچوو، لێیپرسیم و گوتی:

- ئەم کورە چی دەکات لێرە؟

- هاورێمە، بۆ سەردانی کردنم هاتووە، ئەو کاتەی کە لەسوریا بووم زۆر هاوکاری دەکردم، تکایە بە هەڵە لێمان تێمەگە.

تورەیی بە ڕوخساری ڕێبواروە دەرکەوت و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

- هیچ درۆ مەکەن، لەوەتەی تۆ هاتوویت و بەهۆی ڕەفتارە نامۆکانتەوە گوومان ناخمی خواردووە، هەستم بەزۆر شت کردووە، بەڵام نەمدەتوانی هیچ بڵێم جونکە بەڵگەم بە دەستەوە نەبوو، دەبێت ڕاستیەکانم پێبڵێن.

چیتر نەمتوانی لەوە زیاتر پارێزگاری لەخۆم بکەم و هەموو شتێکم درکاند، پێمگوت:

ئەگەر بە تەنها لەسوریا بەجێت نەهێشتمایە، ئەوا منیش هەڵەم نەدەکرد.

ڕێبوار باری دەروونی بەیەکجاری تێکچوو، سۆرانی کردە دەرەوە، خۆشی ڕۆیشتە ژوری نوستنەکە، تاوەکو بەیانی نەهاتە دەرەوە.

ئەو ڕۆژ و شەوەم بەساڵێک لێ نەدەڕۆیشت، بە بەردەوامی دەگریام، دەترسام لە هەڵوێستی ڕێبوار، لەناخی خۆمدا دەمگوت دەبێت چ چارەنوسێک چاوەڕوانم بکات.

ڕۆژ بوویەوە، ڕێبوار لە ژورەکە هاتە دەرەوە، چاوەکانی سور هەڵگەڕا بوون، وا دیار بوو کە ئەویش هەموو شەوەکە نەنوستبوو، زۆر گریابوو، پێمگوت:

- ڕێبوار ئازادی لەوەی چیم لێدەکەیت و ئامادەم بۆ هەر سزایەك، منێکی پیس و بێویژدان شایستەت نیم.

- خۆشەویستی بەزۆر نابێت و هیچ شتێکت لێناکەم، چونکە زۆرم خۆشویستیت، بەئاسانی لێت جیادەبمەوە، بەڵام بەمەرجێك دەبێت ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵیت، نامەوێت بەهیچ شێوەیەك جارێکی تر بتبینمەوە.

ڕێبوار ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا ژیا بوو، بۆیە نەیدەویست بابەتەکە ئاڵۆز بکات، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوو بە شێوەیەکی دور لە توندوتیژی لێم جیاببێتەوە، کەتنەکەی منیش باس نەکات و تەنانەت لە خەمی ئابڕووی خانەوادەکەشمدا بوو.

ئەوە بوو لەدوای چەند ڕۆژێکی کەم تاکسییەکی بۆ گرتم و ناردمی بۆ وڵاتی سوید.

گەیشتمە سوید، لەوێ بە ناوێکی ترەوە خۆم ناساند، هێشتا هیوام بە سۆران هەر مابوو کە بگاتە لام و پێکەوە بژین.

لەدوای هەفتەیەك پەیوەندیم بە سۆرانەوە کرد، هەموو ڕوداوەکانم بۆ باس کرد کە لەنێوان من و ڕێبواردا ڕویدا بوو، دواتر پێمگوت کە بێت بۆ وڵاتی سوید.

سۆران لە وەڵامدا پێیگوتم:

چەند گەمژە و ساویلکەی، بە چ ئەقڵێکەوە ئەو داوایەم لێدەکەیت کە خێزان و مافی پەنابەریەکەم بە جێبهێڵم و بێم بۆ لات؟

تۆیەک کە وەفات بۆ ئەو پیاوە باشەت نەبوو، ئیتر چۆن وەفات بۆ من دەبێت.

ئەو وەڵامە یەکجار جەرگبڕ بوو.

یەکسەر باری دەرونیم تێکچوو، زۆر گریام و زۆر غەمبار و دڵتەنگ بووم، حەزم بەمردنی خۆم دەکرد، لەپڕ لە هۆش خۆم چووم و ئاگام لەخۆم نەما، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك کەوتمە نەخۆشخانە، دواتر لە نەخۆشخانەوە ڕەوانەی کەمپ کرامەوە.

دوای ماوەیەك دایکم بە جیابونەوەکەی زانی بوو، خۆی پێڕانەگیرا بوو، لەگەڵ خوشکەکەمدا ڕۆیشتبوون بۆ ماڵی باوکی ڕێبوار کە لە دەرەوەی شاری سلێمانی بوون، لە گەرانەوەیاندا تووشی ڕوداوی هاتووچۆ ببوون، هەر لەوێدا خوشکەکەم گیانی سپارد و دایکم بریندار ببوو، لەو ساتەوە دایکم باری دەروونی تێکچووە، ئێستا لە ماڵی داپیرەمە و لەگەڵ ئەواندا دەژی.

باوکیشم هەتا ئێستا هەر بێسەر و شوێنە..

مافی پەنابەریم لە وڵاتی سوید وەرنەگرت بۆیە بەجێمهێشت و ڕۆیشتمە وڵاتی نەرویج.

ئەو کاتە ناخۆشانەم تێپەڕاند، چاوەڕوانی زۆرم کرد تاوەکو مافی پەنابەریم وەرگرت، لە نەرویج پیاوێکی عەرەبم ناسی و پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵی بەست و دواتر هاوسەرگیریمان کرد و کوڕێکم لێی هەیە، بەڵام دواتر پێکەوە نەدەگونجاین، زۆر کەسێکی دڵپیس و خراپ بوو، ئەویش توشی دەردەسەری زۆری کردم، بۆیە لەدوای دوو ساڵ لێی جیابوومەوە.

هەنوکە لەگەڵ کورەکەمدا پێکەوە دەژین، کوڕەکەم هەموو ژیانمە و منیش بەتەنها هەر بۆ ئەو دەژیم، هەرچەندە باری تەندروستیم ناجێگیرە و لەڕووی دەرونییەوە زۆر باش نیم، بەڵام چارەسەر وەردەگرم.

ئاسودەم بەوەی کە ڕێبوار دواتر توانی هاوسەرگیری بکاتەوە و ژیانێکی سەقامگیر و بەختەوەری بۆ خۆی بنیادناوە.

ئەوەی سەختە بەلامەوە و کە هەمیشە بیری لێدەکەمەوە، ئەوەیە کە چۆن جارێکی تر بتوانم ڕێبوار ببینمەوە و داوای لێبوردنی لێ بکەم و تێیبگەیەنم کە منیش هەر وەك ئەو قوربانیم، قوربانی دەستی کەلتور و کۆمەڵگا، قوربانی دەستی ئەو هەلومەرجانەی کە بە زۆر و بێویستی خۆت بەسەرتدا دەسەپێنرێت و دەتخاتە ململانێیەکی درۆزنانە و ڕوکەشانە لەگەڵ هەموو درۆ و ڕوکەشیەکانی کۆمەڵگا، دەشمەوێت سوپاسی بەرزی ئاستی هۆشیاری بکەم کە ئەگەر تێڕوانینی مرۆڤدۆستانە و یەکسانی خوازانەی ئەو نەبوایە، هەنوکە منیش یەکێك دەبووم لەو کوژراوەنەی کە گۆڕ غەریبن و هیچ کەسێک لە کەسوکاریان نازانن کە گۆڕەکانیشیان لە کوێن. لە کۆتایدا پێیدەڵێم گەورەم ئەزموونی تۆ منیشی گۆڕی و کردمی بە ئادەمیزادێکی تر کە زۆر جیاوازتر لە ژیان دەڕوانم، بەڵام داخەکەم درەنگ کەوتم.

تێبینی: ئەم چیرۆکە لە بەرواری 2018-07-04 بڵاوکراوەتەوە

ڕوداوەکە ڕاستەقینەیە و ناوەکان خوازراون.